# حکومەتی هەرێم بڕیارێکی لەبەرژەوەندی خاوەن پێداویستی تایبەتەکان دەرکرد



حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بڕیاری لێخۆشبوون بۆ پێشینەی هاوسەرگیری بۆ سودمەندانی خاوەن پێداوسیتی تایبەت دەرکرد.

سەرکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بڕیارەکەی داوە، ئەو وەزارەتە لە راگەیەندراوێکدا دەڵێت، بڕیاردراوە بە لێخۆشبوون لە پێشینەی هاوسەرگیری ماوە بۆ سوودمەندانی کەمئەندامان کە پێش ساڵی 2013 پێشینەی هاوسەرگیریان وەرگرتووە.

بە گوێرەی بڕیارەکە، وەزارەتەکانی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و دارایی و ئابوری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی بڕیارەکە دەردەکەن و بڕیارەکە جێبەجێدەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان.